

## جەلادانی ئەمریکا دوای 12 ساڵ برسی کردن،
## منالانیان ناچارکرد دەست بۆ دەبابەکانیان بەرز بکەنەوە!

ساڵی 1991 یش وایان ووت : "ڕزگارتان ئەکەین لە دەستی دیکتاتۆری بەعس". بێجگە لەوەی بنەما ئابوری‌وخزمەتگوزاری‌یەکانی کۆمەڵگای عێراقیان داتەپاند، خەستەخانەکانیان وێران کرد، ئاووکارەبایان بڕی، یاردەدەری بەعس بوون بۆ سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق. ئەو کات "بوشی باوك" ئەمەی ئەنجام دا. ئەو کات داگیرکدنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە ئەو فرسەتەی دایە دەست ئەمریکا کە بۆ دووبارە فەرزکردنەوەی دەسەلاّتی تاکڕەوانەوملهوڕی خۆی، ناوچەکە بکاتە بنکەیەکی ئەسلی بۆ خۆی، وە شەڕی دووەمی کەنداوی بەرپا کرد. وە هاوکاتیش گەمارۆی ئابوری، وەك سیاسەتی نائینسانی‌و چەکێکی کۆکوژ کە شەرعیەتەکەشی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرت بەسەر خەڵکی عێراقدا ، فەرز کرد. کەسمان ئەوەمان بیر ناچێتەوە کە خەڵك لەبەردەم خەستەخانەکاندا بۆ حەب‌ودەرمان ڕیزیان ئەبەست. سەرهەڵدانەوەی چەندین نەخۆشی، کە دەمێك بوو لە عێراقدا نەمابوو، مردنی بە لێشاوی منالاّن، باشترین دیاری‌یەکانی دەستی بوشی باوك بوو. 12 ساڵیشە ئەم سیاسەتە وەك کەلەبچەیەك لەدەستی خەڵکدایەولەبەرامبەر ڕژێمی خوێن خۆری بەعسدا دەست‌وپێ بەستراو ڕایگرتوون. لە وولاّتێکدا کە پڕی سەروەت‌وسامانە، خەڵکەکەیان کردە سواڵکەری بەردەم ئەم ڕێکخراووئەو ڕێکخراو.

ئێستاش "بوشی کوڕ" لەتەواوکردنی هەمان سیاسەتوسیناریۆی نائینسانی باوکیدا، بە سوود وەرگرتن لە وەحشیەتی سێ دەیەونیوی ڕژێمی بەعس، هەمان ئەو ووتانەی دووپات کردەوە. چەند شەوێك پێش بۆمبابارانی خەڵکی عێراق هاتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنو ووتی: ئێمە ڕزگارتان ئەکەین لەدەست صدام، خواردنودەرمانتان بۆ ئەهێنین، ژیانێکی باشترتان بۆ ئەهێنین. بەڵێ، ڕاستی کرد! لای ئەو جەلادە ژیانێکی باشتر ئەوەیە کە ئەیبینین. یەکەم وەجبە باراندنی هەزاران موشەكوتۆپ بوو. ئاسمانی شارەکانی لە خەڵك کرد بە گڕی مووشەکەکانو بۆمبی هێشوویی بەکارهێنا. قیژەی لە مناڵان هەستاندو دڵی ئەو پیرانەی 35 ساڵە حوکمی بەعس گوشیویەتی لە کارخست. ئاووکارەبای بڕی، چەندین مناڵی تری بێ دایكوباوك کرد. تەنانەت "دیقەتووردبینی"ی بۆمبە هەڕەمەکی‌یەکانی مناڵانی کۆڕپەی چەند ڕۆژیوچەند مانگیشی پێکا. دوای ئەوەش بزانن ئەمانە چ سوکایەتیوبێ حورمەتی‌یەکیان بە خەڵك کرد! کێ دیمەنی ئەو خێزانەی بەغداد کە سەربازەکان خۆیان کرد بە ژوورداو مناڵە تۆقیوەکان ناچار وەك باوكودایکیان دەستی تەسلیم بوونیان بەرز کردەوە دڵی نەگوشین. گومانم نی‌یە کە ئەمەوبریندراربوونی مناڵە تەمەن سێ ڕۆژی‌یەکەی بەصرەوئەم مناڵەی لەم وێنەیەدا بە گریانەوە دەستی بۆ سەربازی سەر دەبابەکە بەرز کردۆتەوەوچەندینی تر کاری لە دڵی هەر کەسێکی شەریفوئازادیخوازوئینسان دۆست کردووە. بەڵام بوشیوبلێری تاوانبار تینوی بینینی ئەم وێنانەن! ئەگەر هەندێك مناڵوپیر لە مەرگی شێنەیی 12 ساڵی ژێر سایەی گەمارۆ دەربازیان بووبێت، ئەوا ئیتر بەر ئەم وەحشی‌یەتی ئێستا کەوتوون. ئەوانەشی کە بەهەر جۆریك لەمەش ڕزگاریان ببێت، هەرگیز مەرگی هاوڕێکانی پەنا دەستیان بیر ناچێتەوە. شەڕی دووەمی کەنداو، مەئساتی 12 ساڵی،و مانەوەی صدامی بەشوێنەوە بوو. شەڕی سێیەمیش دوای ئەو هەموو کوشتارو مەئساتە ئینسانی‌یە، نەخشەی ئەمریکا بۆ دانانی ڕۆبۆت دیکتاتۆرێکی تری دەستی خۆیوسەندنەوی پارەی موشەکەکانیەتی لە کەسوکاری ئەوانەی لەم داگیرکاری‌یەدا ئازیزەکانیان لەدەستداوە.

جەلادیوتاوانکاری ئەمانە لەپاڵ بەربەریەتی موسولینیوهیتلەروچاوچیسکۆوصدام دا دائەنرێت. ئەسڵەن ئەگەر دادگایەکی نێونەتەوەیی لە ئارادابێت، ئەوا لە ڕیزی پێشەوەیدا ئەبێ بوشوبلێر ڕابوەستن.

*جمال محسن*

*2003/04/07*